# پیرەمێرد و زەریا،

# بەردەوامی لەپێناو سەرکەوتندا



ئارام سدیق

مرۆڤ بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە ژیاندا، دەبێ بەردەوام لەتێکۆشاندا بێ، تێکۆشانیش پێویستی بەخۆڕاگری و ماندوو بوون و ئازارچەشتن هەیە، لە دنیادا زۆرن ئەو کەسانەی لە پێناوی تاکە ئامانجێکدا(کەڕەنگە بەلای زۆر کەسی ترەوە گرنگ نەبێت )گیانی خۆیان بەختکردووە، لەبەر ئەوەی خۆیان بڕوای تەواویان بەو ئامانجە هەبووە، بۆیە سروشتی مرۆڤ واهەڵکەوتووە ئەو بابەتگەلەی خۆی بڕوای پێیەتی ئامادەی هەموو شتێکە بیدات لە پێناو گەیشتنداپێی، نمونە ئەوجۆرەکەسانەش زۆر کەمن نامەوێت لێرەدا ناویان بهێنم.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ڕۆمانی(پیرەمێرد و زەریا)ی ئێرنیست هەمینگوای. بێگومان ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەشاکارە هەرە ناوازەکانی جیهان و خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا سەرسام دەبێ بە کەسایەتی(سانتیاگۆ)ی پیرو منداڵەکەی هاوڕێی، ئەم دوو کەسایەتیە بینای ڕۆمانەکە پێك دێنن، سانتیاگۆی پیر پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە.

ساتی دەستپێکردنی ڕۆمانەکە بە نائومێدی دەست پێدەکات، نائومێدی سانتیاگۆی ڕاوچی ماسی، ئەو(چل)ڕۆژ لە دەریادا لە ڕاوی ماسی بە نائومێدی گەڕایەوە بێ ئەوەی بتوانێ تاکە ماسیەك ڕاو بکات، ئەمەش وای کرد کە دایك و باوکی منداڵەکەی هاوڕێی چیتر ڕێگە بە کوڕەکەیان نەدەن کە لەگەڵ ئەو پیاوە بەدبەختەدا بچێ بۆ ڕاوە ماسی، پاش ئەمە(سانتیاگۆ)ش بەمنداڵەکەی هاوڕێی دەڵێ، بڕۆ لە بەلەمێکی بەختەوەردا کاربکە، لێرەدا پیری ڕاوچی خۆی بە بەدبەخت و نائومێد دەداتە قەڵەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن بڕوایە بەوەی کە هێشتا توانای ڕاوکردنی نێچیری گەورەی هەیە، بۆیە دواتر خۆی دەداتە دەست شەپۆلەکانی دەریا بۆ قوڵایی مل دەنێ لە پێناوی ئەوەی بیسەلمێنێ مرۆڤ لەتوانایدایە چ شتێك بکاو چۆنیش دەتوانێ بەرگەی هەموو دەردیسەرییەك بگرێ. یان دەڵێ، (مرۆڤ ئەگەر بیەوێ نەتوانێ بەسەر هەموو کەسێکدا سەربکەوێ و هەرگیز نەیدۆڕێنێ).

لەم وتانەی سانتیاگۆ وە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە بڕوا بە خۆ بوون زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتن بەسەر گەمە قورسەکانی ژیاندا و وەخۆڕاگریش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ بۆ سەرکەوتن لە هەموو کارەکانی ژیاندا، بۆیە سانتیاگۆ لەدڵی خۆیدا بە ماسیەکە دەڵێ،(ماسیەکە! دیارە تۆ ئەمکوژی، بەڵام ناهەقی تۆش ناگرم. من بەدرێژایی تەمەنی خۆم شتێکی ترم نەبینیوە لە تۆ گەورەترو جوانترو جوامێرتربێ.. دەی برا.. دەی بمکوژە. من تازە گوێنادەمە ئەوەی کاممان ئەوی ترمان ئەکوژێ.")هەروەها دەڵێ،.(بەڵام مرۆڤ بۆ ئەوە نەخولقاوە ببەزێ، ئەشێ مرۆڤ تێکبشکێنرێ، بەڵام نابەزێنرێ، یان دەڵێ،.(ئەوپەڕی گەوجێتییە ئادەمیزاد دەستبەرداری هیوا بێ.

نوسەر لەشوێنێکی تردا دەیەوێ ئەوە لە ناخی مرۆڤدا بچەسپێنێ کە لە کاتی توشبوون بەگرفت و ناخۆشیدا بیر لە گرفتەگرانترو ناخۆشترەکان بکرێنەوە و ئەو گرفتەی لە ڕێدایە بە سانای بزانێت

هەروەك سانتیاگۆ پاش ئەوەی ئەو پەتەی ناو شانی کە ماسیە گەورە مارلینەکەی پێوە بەند کردووە پێستی لەشی سڕ دەکات لە دڵی خۆیدا دەڵێ,( من لەمە خراپترم بەسەرهاتووە, لەمە تاڵتر چەشتووە). دواتر بۆ ئەوەی بڕوای پتەوی کاڵ نەبێتەوە بەماسیەکە دەڵێ, بەڵام هەر دەبێ بتکوژم.

لەکاتی ئەو ململانێیانەدا راوچیەکە بیر لەخۆڕاگری ماسیەکە دەکاتەوە لەهەمان کاتیشدا بیر لەوە دەکاتەوە, ئەم ماسیە مادام ئەو هەموو دلێری و جوامێریەی لێدەرکەوت کەس شایەنی ئەوە نیە لەگۆشتەکەی بخوات. لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کەنوسەر دەیەوێ ئەوە بڵێ کە کەئازاو جوامێرەکان شایانی لە ناوچوون و فەوتان نین, لەلایەکی تریشەوە ئەو مانایەش لەخۆ دەگرێ کە زیندەوەرە ئازاکان لەگەڵ لە ناوچوونیشیاندا, هێشتا سەروەری و نەبەردیان بۆ خۆیان تۆمار کردووە.

پاش ئەو ململانێ سەختە سانتیاگۆ لەو پەڕی نائومێدیدا هەست دەکات چەندە مرۆڤێکی بەدبەختە, بۆیە دەڵێ(راوە ماسی من دەفەوتێنێ). بەڵام بیرمان نەچێت(لۆرد ئاڤیبوری)دەڵێ,. هیچ شتێك هێندەی رەنج و بەدبەختی گیانی مرۆڤ گەورە ناکات. هەر ئەم گەورەبوونی رۆحەیە کە کۆڵنەدان لە رۆحی سانتیاگۆی پیردا دەچێنێت, بەڵام(تایلەر) دەڵێ,.هیچ کەسێك لەو مرۆڤە بەدبەختترنیە کە هەرگیز دوچاری کارەسات و بەڵا نەبووە. رەنگە ئەم وتەیەی(تایلەر) ئەو رۆحە خۆڕاگریە ئەوەندەی تر لە گیانی(سانتیاگۆ)دا ئەستور بکات, یان ئایا(سانتیاگۆ) دەیەوێ خۆی باشتر بناسێت هەروەك(ئەلفرێدۆموس) دەڵێ,.مرۆڤ لەکاتی هەژاری و بەدبەختیدا نەبێت خۆی ناناسێت, کەواتە کۆی هەموو ئەم شتانە ئەو هێزو تواناو خۆڕاگر ییان بە(سانتیاگۆ) بەخشیوە, بەڵام پاش ئەوەی پیری راوچی ماسیە گەورەکە راو دەکات و بەرەوکەنار رێ دەکەوێ توشی جەنگێکی سەختر دەبێتەوە ئەویش جەنگ لەپێناو پاراستنی نێچیرەکەدا لە دەمی قرشی دەریا, لەم ململانێ سەختەدا پیری راوچی زۆر بەهیلاك دەچێ دەڵێ,( شەڕ دەکەم, هەتا ئەمرم لەگەڵیاندا ئەجەنگێم). ئەمە نیشانەی بەردەوامی دانە بەکۆڵنەدانی.

کاتێ سانتیاگۆی پیر ماسیە(مارلین)ەکە دەگەیەنێتە کەنار دەبینێ تەنها سەری ماوەتەوە و هەموو لەشی لەلایەن قرش و دڕندەکانی تری دەریاوە خوراوە, بەڵام پیرە مێردەکە لەگەڵ ئەو هەموو ماندوویی و ناڕەحەتیەدا هێشتا دڵی بە ئەنجامی راوکردنەکەی خۆشەو لە پاش چەند رۆژی پشوو دیسان بەرەو قوڵای دەریا و بۆ راوکردن دەکەوێتەوە رێ, لەکاتی گەیشتن بە دوادێڕی ئەم رۆمانەدا ئەو هەستەمان لا گەڵاڵە دەبێ کە بەردەوامی لەسەر هەرکارێك سەرکەوتنی لە دوایە, بەڵام لەگەڵ بەردەوامیشدا پێویستە مرۆڤ پشوودرێژو هەمیشە بەهیوای سەرکەوتن بێ و زۆرێك بیرکردنەوەکانی بۆبیرکردنەوە لە سەرکەوتن تەرخانبکات.

ئەم رۆمانە لەلایەن(شێرکۆ بێکەس)ەوە لە عەرەبیەوە کراوە بەکوردی و(شوکور مستەفا) بەوەرگێڕانەکەیدا چۆتەوەو چاپی دووەمی لەساڵی(2003)دا لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپکراوە.